کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-6-2007 15:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرنجێک دەربارەی دادگا و پاشگەزبونەوەی کەسی ... کاکۆ عبدوللا



بێگومان لە هەموو وڵاتانی دونیا دادگاو بەندینخانەو بەند کردن هەیە ئەمە یاسیەکەو بونی پێویستەو هیچ کەسێك و تەنانەت مافی مرۆڤیش لاری لە بونیان نیە، چونکە لەناو خودی مرۆڤ شتێك هەیە پێی دەوتری هەڵە باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێت تا کۆتایی ژیانی بی هەڵە بێت بەڵام لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر یا لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر قەبارەی هەڵەکە دەگۆڕێت و ڕەنگە جار وایە بگاتە ئاستی تاوان.
دیارە تاوان خۆی لە خۆیدا وشەیەکی ترسناك و گەورەیە، وە تاوان دەگۆڕی بەپێی هەر کۆمەلگەو کەلتور و یاسای وڵاتەکە بۆ نمونە لە کۆمەڵگەی موسڵمان و ڕۆژهەڵاتی وە بەتایبەتی ئەو وڵاتەی خۆمان ڕەنگە ژیانی بەسەدان کەس سڕابێتەوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وە بەتایبەتی لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و می کەچی هەمان بابەت لەلایەن کۆمەڵگەکانی تروە بەتایبەتی خۆرئاوایی و پێشکەوتوەکان نەك هەر کەسی لەسەر ناکوژری بەڵکو بەهەڵەش داناندری تەنانەت نابێتە بابەتێك کە شایانی باسیش بێت، وە بەپێچەوانەوە ڕەنگە ئازاردانی وە یاخود کوشتنی ئاژەڵێك لە کۆمەڵگەی پێشکەوتو بەخوتوخۆڕایی هەڵەیەکی گەورە بێت و ڕەنگە لە هەندێك کاتدا بگاتە ئاستی تاوان و لەلایەن دادگاوە سزا بیگرێتەوە کەچی لای ئێمە ئازاردان و کوشتنی ئاژەڵ لە لایەن زۆرانی خەڵکەوە چێژێکیان پێدەبەخشی و لەلایەن یاساوەش هیچ سزایەکی بۆنیە.
دیارە لە ڕوی مرۆڤایەتی و یاساییەوە دەبێت بەندینخانە وەك قوتابخانەیەکی چاکسازی بۆ خەڵکانێکی لادەر لەیاساو ڕێسای وڵات و کۆمەلگا و جێگای ژیانیش بێت بۆ تاوانبارە گەورەکان، وە ڕەنگە ئەم یاسایە تا ئاستێکی بەرز لە ولاتانی خۆرئاوا پەیڕەوبکری، بەڵام لە سەرنجدانی بەندینخانەکانی لای خۆمان تەنانەت لەلایەن خەلکێکی سادەوەش کەم و کوڕی زۆری لی بەدی دەکری.
بڕوام وایە هیچ وڵاتێکی خۆرهەڵات نیە چەندین بەندینخانەی تایبەتی و نهێنی و تۆکمەی نەبێت و گرنگیەکی زۆری پێنەدری (وڵاتەکەی ئێمەش بێبەش نیە لەم جۆرە بەندینخانانە) کە خەلکانێکی ئەوتۆی تێدا کۆکراوەتەوە لەسەر بیرو ڕایەکی ڕامیاری یا تایبەت بەخۆی تەنانەت تێیاندایە لەسەر دەربڕینی نارەزاییەك لەسەر ئەدائی حکومەت یا لە کاتی هەڵچونی قسەیەکی ناشیرنی بە پارتی دەسەڵاتدار یاسەرۆکەکەی کردوە بۆیە ڕاپێچی بەندینخانەی تایبەت کراوەو بە نەشیاو ترین و دڕندانەترین شێوە ئازاری جەستەیی و دەرونی دەدرێن و بگرە بە دەیان و سەدان کەس بێ سەرو شوێن کراون و تەنانەت گۆڕێکی ئارامیشیان پی ڕەوا نەبینیون.
لەم چەند ساڵەی دوایدا خەڵکانێك ڕاپێچی بەندینخانە دەکرێن بە بەهانەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمە نەوەك هەرکارێکی ڕەوایە بەڵکو پێویستە توندترین سزا بدرێن و سزای کوشتن تەنها بەسەر ئەم جۆرە تاوانە بسەپێندری بەڵام بەو مەرجەی بە بەڵگەی تەواو دادگاییەکی پاك و شارەزا نەك لەژێر گوشارو ئازاری جەستەیی و دەرونی و نەك بۆمەرامێکی تایبەت و تۆڵە سەندنەوە ئەم تاوانەی بدرێتە پاڵ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە وڵاتی ئێمە جگە لەبەندینخانەی ئافرەت و نەوجەوانان و تایبەتەکان ئەوانی تر هەموی تێکەڵە بەو واتایەی کە تاوانبار هەیە تاوان لەگەڵ خوێن و جەستەی تێکەڵ بوەو دەستبەرداری نابێت کەچی لەگەڵ یەکێکی تر بەتاوانێکی بچوك یا لە ڕێگەی ڕێککەوتەوە یا وەکو دەڵێن بەکارەساتێکی قەزاو قەدەر لەهەمان ژوور کاتی بەندیەکەیان بەسەر دەبەن، ڕەنگە ئەم هۆکارە پێچەوانەی چاکسازی بێت و لە ڕێگای بەندینخانەوە تاوانباری تر دروست ببن.

پاش ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی بەسەر جیهان داهاتوە لەڕوی مرۆڤایەتی و یاسادا کەچی لێرە دیاردەیەکی نایاسایانە تاکو ئێستاش پەیڕەو دەکری ئەویش پاشگەز بونەوەی خاوەن داواکاریەکەیە لەسەر داوالێکراو، بەو پێیە دادگا بەبێ گوێدانە یاسای نێودەولەتی و مافی مرۆڤ و لەسەر ئارەزوی داواکار لەو کەسە خۆشدەبێت کە لە لایەن داواکار پاشگەزبونەوەی بەدەست هێناوە، بەواتایەکی تر یاسا لەوڵاتی ئێمە چاوی لەدەستی خەڵکانێکە (ئینجا لەهەر ئاستێك دابن) یاسایەکیان بۆ دابڕێژی، من لەگەڵ ئەوە دام گیانی لێبوردەیی هەبێت بەڵام لەسەر بنچینەیەکی زانستی وە کو دانانی کەسانی پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی و مافی مرۆڤ لە بەندینخانەکان و چاودێری کردنی یەکە یەکەی بەندیەکان بەتایبەتی لەڕوی دەرونی و کەسایەتیەوە ئینجا ڕاپۆرتیان بەرز بکرێتەوە بۆ دادگا و تێیدا رونی بکەنەوە کە کەسایەتی تاوانبارەکە چۆنە و بەرەو کوی دەچی وە دادگاش لەسەر ڕۆشنایی ئەم ڕاپۆرتە لە بەشێکی ماوەی زیندانیەکەی تاوانبارەکە خۆش بێت یا نا، نەوەك لەسەر بنچینەی پاشگەزبونەوەی داواکار یا لێبوردنی گشتی.

دیارە مرۆڤ پیرۆزترین و بەبەهاترین گیان لەبەرە لە لایەن خواوەند و گەردون، کەچی لێرە بە دەیان مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت لەسەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی بەدەستی کەس و کاری کوژراوەو دەکوژری، کەچی دادگا هەر پێشی نەزانیوە، ئەی خوێنی ئەم مرۆڤە لە ئەستۆی کێدایە؟

یان دیارە خوێنی مرۆڤ بۆ کەس و کاری نزیکی خۆی حەڵاڵە! لام وایە ئەو کاتانەی پێشو کە بە چەرخی جاهیلی ناوی براوە لە ڕوی چارەسەر کردنی هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتی جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبوە لە گەڵ ئەم چەرخەی ئێستای کۆمەڵگەی ئێمە، چونکە ئێستاش وەکو ئەوکات هەرکەسەو لای خۆی و بەگوێرەی عەقلی خۆی یاسا بۆخۆی دادەڕێژێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.